کونسوڵگەریی گشتیی
کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ
هەولێر

| | |
|---|---|
| پەڕەی زانیاری ژمارە 2: ڤیزای سەردان | 2023/1 |
| Information sheet no. 2: Visa for visiting family or friends | |

**تێبینی:** بۆ پێشکەشکردنی داواکاریی ڤیزا پێویستتان بە پەنابردن بۆ نووسینگە گەشتیارییەکان نییە. متمانەتان بە زانیارییەکانی نوێنەرایەتییەکانی ئەڵمانیا لە دەرەوەی وڵات هەبێت، کە چۆنێتی داواکردنی ڤیزاتان بە درووستی بۆ روون دەکەنەوە.

**تکایە پەڕەی زانیاری ژمارە یەکیش بخوێننەوە:** ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە پێویستە لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاریی ڤیزادا بخرێنە بەردەست. پێویستە بۆ هەرکەسێک کە لەگەڵتاندا سەفەر دەکات داواکارییەک پێشکەش بکرێت. ئەم پەڕەی زانیارییە وەک لیستی دڵنیابوونەوە بەکار بهێنن ☑.

**بەڵگەنامە سەرەکییەکان**

- ☐ فۆرمێکی داواکردنی ڤیزا، کە بە تەواوی پڕکرابێتەوە و لەلایەن داواکاری ڤیزا واژۆکرابێت، لەگەڵ روونکردنەوەیەک بە گوێرەی ماددە 54ی یاسای مانەوەی ئەڵمانیا. تکایە فۆرمەکە بە ئۆنلاین لەسەر ئەم لینکە پڕبکەنەوە: https://videx.diplo.de
- ☐ پاسپۆرت (سەیری پەڕەی زانیاری ژمارە 1 بکەن)
- ☐ ناسنامە/کارتی نیشتمانی (نوسخەی **ئەسڵی** لای کۆمپانیای VFS نیشان بدرێت و کۆپییەکی لەگەڵ پێشکەش بکرێت)
- ☐ کۆپییەکی لاپەڕە 2ی پاسپۆرت و کۆپی ڤیزاکانی سێ ساڵی رابردوو (شێنگن، بەریتانیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کەنەدا، لەگەڵ کۆپی مۆری گەیشتن و دەرچوونی گەشتەکان)
- ☐ دوو وێنەی تازە (سەیری پەڕەی زانیاری ژمارە 1 بکەن)
- ☐ بەڵگەی بیمەی تەندروستیی سەفەر (سەیری پەڕەی زانیاری ژمارە 1 بکەن)
- ☐ بەڵگەی تایبەت بە گەشتی فڕۆکە یان شێوازی دیکەی گەشتکردن
- ☐ بەڵگەی ئوتێل یان شوێنی دیکەی مانەوە
- ☐ **وێنەیەکی تازەی تۆماری خێزانی (لە شەش مانگ کۆنتر نەبێت)، <u>کە لەلایەن</u> <u>فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە تەصدیق کرابێت</u> (نوسخەی ئەسڵی و کۆپییەک)**
- ○ بۆ کارکردن لەسەر داواکارییەکە وا باشە، ئەگەر بێتو لیستێک بە ناوی دایک و باوک و خوشک و برا بە شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە لەخۆ بگرێت (لە هەرێمی کوردستان/عێراق، ئەڵمانیا یان هەر وڵاتێکی دیکە) پێشکەش بکرێت.
- ☐ کۆپییەکی لاپەڕە 2ی پاسپۆرتی هاوسەر و منداڵەکان
- ☐ کۆپییەکی گرێبەستی هاوسەرگیری
- ☐ بەڵگەی خاوەندارێتی (لەکاتی هەبوونی خانوو و زەویوزار)، ساڵیانەی ئۆتۆمبێل
- ☐ بەڵگەی شوێنی نیشتەجێبوون (کارتی زانیاری، کارتی ئاسایش یان نشینگە) بە نوسخەی **ئەسڵی** لای VFS نیشان بدرێت و کۆپییەکی پێشکەش بکرێت
- ☐ رەسمی ڤیزا، کە بە دۆلار دەدرێت (سەیری پەڕەی زانیاری ژمارە 1 بکەن)
- ☐ **بۆ کەسانی تەمەن خوار هەژدە ساڵ:** پێویستە دایک و باوک پێکەوە و یاخود کەسی خاوەن مافی سەرپەرشتیاری داواکارییەکە لەبەردەم کارمەندی کۆمپانیای VFS واژۆ بکەن. ئەگەر نا دەبێ بریکارنامەیەکی لەلایەن دادنووس پەسەندکراوی ئەو لایەی دایکوباک کە ئامادە نابێت لەگەڵ کۆپییەکی پاسپۆرتەکەی پێشکەش بکرێت.
- ☐ **داوەتنامە (نوسخەی ئەسڵی) لەگەڵ بەروار و واژۆی کەسی داوەتکەر، شوێن و ماوەی مانەوە هەروا زانیاری سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان کەسی داوەتکەر و کەسی داوەتکراو**
- ☐ **کۆپییەکی پاسپۆرت یان مۆڵەتی مانەوەی کەسی داوتکەر**
- ☐ بەڵگەی دابینکردنی خەرجی مانەوە لە ئەڵمانیا. بەڵگەی رەوشی کەسی و ئابووریی کەسی داواکار و هاوسەرەکەی، بۆ نموونە لەرێی:
  - بەڵێننامەیەکی (داوتنامە) فەرمی کەسی داوتکەر، کە لەلایەن فەرمانگەی بیانیان لە ئەڵمانیا کرابێت، لە شەش مانگ کۆنتر نەبێت (نوسخەی <u>**ئەسڵی**</u> و کۆپییەک)
  - نوسخەی <u>**ئەسڵی**</u> پشتگیریی بانک
  - نوسخەی <u>**ئەسڵی**</u> دەرخستەی هەژماری بانکی (کشف حساب) بۆ شەش مانگ
  - پشتگیریی فەرمانگەی باج (بۆ کەسانی خاوەن کاری سەربەخۆ)
  - پشتگیریی مووچەی خانەنشینی لەگەڵ بڕی مووچەکە

**<u>بۆ کارمەندانی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی</u>، هەروەها:**

- ☐ نوسخەی **<u>ئەسڵی</u>** پشتگیریی کار (لە سێ مانگ کۆنتر نەبێت) لەسەر پەڕەی فەرمی کۆمپانیا بە مۆری کۆمپانیا و زانیاری سەبارەت بە پێگە/کار/مووچە و رۆژی دامەزراندنەوە لەگەڵ ناونیشان و زانیاری پەیوەندیکردن بە خاوەن کارەوە (ناونیشان/ژمارە تەلەفون/ئیمەیل/ناوی کەسی دیاریکراو بۆ پەیوەندیپێوەکردن لەناو کۆمپانیاکە/واژۆ)، هەروەها رەزامەندی پێدانی مۆڵەت بە کارمەند بۆ ماوەی گەشتەکە.
- ☐ بەڵگەی مووچەی سێ مانگی رابردوو

**<u>بۆ خاوەنی کۆمپانیا یان کاری سەربەخۆ</u>، هەروەها:**

- ☐ کۆپییەکی بەڵگەی تازەی تۆماری بازرگانی کۆمپانیا عێراقییەکە
- ☐ کۆپییەکی بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا
- ☐ کۆپییەکی ناسنامەی ئەندامێتی ژووری بازرگانی
- ☐ پشتگیریی بانک یان دەرچەی هەژماری بانکیی کۆمپانیا بۆ یەک مانگی رابردوو

**<u>بۆ قوتابیان و خوێندکاران</u>، هەروەها:**

- ☐ نوسخەی **<u>ئەسڵی</u>** پشتگیریی قوتابخانە یان زانکۆ لەسەر پەڕەی فەرمی زانکۆ/قوتابخانە/سەنتەری راهێنان بە مۆر و زانیاری پەیوەندیپێوەکردنەوە (ناونیشان/ژمارە تەلەفون/ئیمەیل/ناو پێگەی کەسی واژۆکەر و هەروەها رەزامەندیی پێدانی مۆڵەت بۆ ماوەی گەشتەکە)

---

ئەم بەشە لەلایەن کارمەندی کۆمپانیای VFS یاخود بەشی ڤیزا لەکاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکە پڕ دەکرێتەوە:
*Only to be filled in by VFS personnel **at the counter**:*

☐ من لەوە ئاگادار کراومەتەوە، کەوا ئەم بەڵگەنامانە کەمن:
*I was informed that the following documents are missing:*

……………………………………………………………………………………

……………………………………………………………………………………

☐ من لەوە ئاگادار کراومەتەوە، کەوا لەوانەیە بەهۆی ئەو **بەڵگەنامانەی پێشکەش نەکراون** یان ئەو بەڵگەنامانەی نوسخەی ئەسڵیان پێشکەش نەکراوە، داواکاریی ڤیزاکەم رەت بکرێتەوە. سەرەڕای ئەوە داوام لە کۆمپانیای VFS ئەوەیە، داواکاریی ڤیزاکەم بۆ کونسوڵگەریی گشتی بنێرێت.
*I was informend that **missing documents** or missing original documents could lead to a rejection of my visa application. However, I ask VFS to forward my application to the Consulate General.*

☐ من لەوە ئاگادار کراومەتەوە، کەوا بەشی ڤیزا رەوانەکردنی دواتری بەڵگەنامەی دیکە قەبوڵ ناکات، ئەگەر بەشی ڤیزا خۆی داوای ناردنی بەڵگەنامەی دیکە نەکات. **ئەو بەڵگەنامانەی بەبێ داواکردنیان رەوانە دەکرێن لەبەرچاو ناگیرێن و دەسڕدرێنەوە.**
*I was informed that the visa section does not accept any documents sent to the visa section directly by mail or email without explicit request. **Documents handed in without having been requested cannot be considered and will be deleted**.*

☐ من لەوە ئاگادار کراومەتەوە، کەوا **بەڵگەنامەی ساختە** دەبنە مایەی رەتکردنەوەی داواکارییەکەم و تۆمارکردنێک لە فایلی هۆشداری ڤیزا. من لەو راستییەش ئاگادارم، کەوا من لە داواکاری ڤیزاکەم بەرپرسیارم، ئەگەر کەسێکی دیکە یاخود نووسینگەیەکی ڤیزاش داواکارییەکەی ئامادە کردبێت.
*I was informed that **falsified documents** lead to a refusal of my visa application and to an entry into the visa information system. I am aware of the fact that I am held responsible for my visa application, even if it has been prepared by a third person or visa agency.*

☐ من رەزامەندیم دەردەبڕم، کەوا کونسوڵگەریی گشتی ئەو **ئیمەیل ئەدرێسەی** من لە داواکارییەکەدا نووسیومە بۆ ئەوە بەکار بهێنێت، وەڵامی پرسیاری دیکە وەدەستبێنێت و بەڵگەنامە یاخود بڕیارم بەرێگای ئەلیکترۆنی بۆ بنێرێت.
*I agree that the Consulate General may use the **email address** provided in my application to clarify further questions directly or to send electronic versions of documents or even letters.*

☐ من لەوە ئاگادار کراومەتەوە، کە من لە ناوچەی جوگرافی تایبەتمەندی کونسوڵگەریی گشتیی ئەڵمانیا لە هەولێر ناژیم. تەنیا ئەو کەسانەی کە شوێنی نیشتەجێبوونیان لە پارێزگاکانی هەولیر، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجەیە دەتوانن لە کونسوڵگەریی گشتیی ئەڵمانیا لە هەولێر داوای ڤیزا بکەن.
*I was informed that I do not live in the consular district of the German Consulate General in Erbil. Only persons who have their legal residency in the provinces Erbil, Dohuk, Suleimaniya and Halabja can apply for a visa at the German Consulte General in Erbil.*

☐ من لەوە ئاگادار کراومەتەوە، کەوا کارکردن لەسەر داواکاریی ڤیزاکەم لەوانەیە تا **چواردە رۆژی دەوامی** پێ بچێت.
*I was informed that the visa procedure can take up to **14 working days**.*

____________________________________________________________

*signature of applicant or representative* واژۆی/داواکاری ڤیزا/ یان سەرپەرشتیارەکەی

*Consulate General of the Federal Republic of Germany Erbil*- کونسوڵگەریی گشتیی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ لە هەولێر
ڕێگای کەرکوک، ئازادی (بەرامبەر سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین)، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Kirkuk Road, Azady (opp. Salahaddin University), Erbil, Kurdistan Region, Iraq,
Follow us on Twitter: @GermanyinKRI, visa@erbi.diplo.de, www.erbil.diplo.de